تۆمەتبارانی هێرشەکەی سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق دەستگیر کران

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق رایدەگەیەنێت: ژمارەیەك لە ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە هێرش کردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و بارەگای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی دەستگیرکران و لەکۆلینەوەکانیش بەردەوامن.

یەحیا رەسوڵ، وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لە راگەیەندراوەکدا باوێکردووە؛ ژمارەیەك لە ئەو کەسانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی هێرشەکەی (7ـی کانونی دووەمی 2023)ـی سەر باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بارەگای دەزگای ئاسایشی نیشتمانی، لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە ناسراونەتەوە و دەستگیکراون.

وتیشی: ناکرێت چاوپۆشی لەم جۆرە هێرشانە بکرێت، چونکە هەڕەشەیەکی جددین بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری وڵات و زیان بەناوبانگی عێراق دەگەیەنن، هەربۆیە لەژێر ڕێنمایی ڕاستەوخۆی فەرماندەی گشتیدا هێزە چەکدارەکان، هێزە ئەمنییەکان دەستیانکرد بە لەکۆینەوە و توانیان ناسنامەی تاوانباران دەستنیشان بکەن.

وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان رونیکردەوە، بە دڵنیاییەوە و گەیشتن بە ئەو کەسانەی بەشداریان لە هێرشەکاندا کردوە، لەکەمینەوکان بردەوامن و بەپێی یاسا سزای دادپەروەرانەی خەیان وبردگرن، هەروەها ئەو کەسانەشی هاوکاری و پاڵپشتی لەجستیان بە تاوانباران دابین کردوە ڕووشونی یاسایی بەرامبەریان دەگیرێتەبەر.